هەڵوێستەیەك لە سەر دەستوور

ئالان حەمە سەعید

لە فەرهەنگی زمانەوانی عەرەبیدا زاراوەی "دەستور" نەهاتووە، هەر لەبەر ئەوەشە زۆربەی توێژەرەوانەکانو نووسەرانی ئەم بوارە زاراوەی دەستور دەگەڕێننەوە بۆ زمانی فارسی، کە لە ڕێگەی زمانی تورکییەوە هاتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، کە لە زمانی عەرەبیدا دەستور بە مانای (بنەڕەت یان ڕێسا) دێت، بەرامبەر بە ووشەی دەستور لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (یاسای بنەڕەتی– القانون الاساسی) بەکار دەهێنرا وەك لە یەکەم دەستوری عێراقی ساڵی ١٩٥٢ بەکارهێنرا. بەڵام ئەم زاراوەیە لە زمانی فەرەنسیدا بە مانای (دامەزراندن یان پێکهێنان) هاتووە.

کەواتە لە رووی زمانەوانییەوە دەستور بە مانای کۆمەڵێك ڕێسا دێت کە بنەما گشتیەکانی کۆمەڵ دیاریدەکاتو وە کۆمەڵەکانیش ڕێك دەخات.

هەر لەم روانگەیەوە دەتوانین پێشبینی دەستوور بکەین لە هەموو کۆمەڵەیەکی بەشەری ڕێکخراودا وەك خێزان خێڵ، سەندیکا، و پارتی سیاسی، وە هەروەها بوونی دەستور لە دەوڵەتدا بەو پێیەی گەورەترین کۆمەڵی بەشەریو ڕێکخراوترنیشیانە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین دەستور بەوە پێناسە دەکرێت کە: کۆمەڵێك ڕێسای پەیوەندیدارە بە پیادەکردنی دەسەڵاتو ئەم ڕێسایانە بە دوو جۆر بوونیان دەبێت.

جۆری یەکەمیان: ئەوەیە کە لە موشەرعێکی دەستوورییەوە دەبێت کە ئەمەش بە شێوەیەکی نووسراوە کە دیباجەیەکی فەرمیدا کە پێی دەوترێت دەستوری نووسراو (الدستور المدون).

جۆری دووەمیان: لە دایك بوونی عورفو نەریتو پێشینە دادگاو مێژوویەکانە، بەبێ ئەوەی لە پێشەکییەکی فەرمیدا بنووسرێتەوە، کە ئەمەش بە دەستوری عورفی ناسراوە. کەواتە دەتوانین بڵێین کە دەستوری نووسراو، ئەو دەستورەیە کە لە شێوەی دیباجەیەکی ڕەسمیدا دەنووسرێتەوە وەك ئەوەی زۆربەی دەستوری جیهان لەم بابەتەیە، یان دەکرێت لە زیاتر لە دیباجەیەك دەربچێت، وەك لە دەستوری کۆماری سێهەمی فەرەنسی لە ساڵی (١٨٧٥) روویدا کە بە سێ دیباجەی ڕەسمی دەستوورەکە دەرچوو.

ئەو خاڵەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دەستوری نووسراوو چەندە تێرو تەسەلو درێژ بێتەوە ناتوانێت لەگەڵ بارودۆخو پێشکەوتنە سیاسییەکاندا بگونجێ کە دوای دەرچوونی دەستوورەکەوە روو دەدات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێك ڕێسای تر کە ڕێساکانی پێشووتر شی دەکاتەوە یان ڕاست دەکاتەوە، گۆڕانکاریان تێ دەخات کە سەرچاوەکەشی عورفە یان شیکردنەوە قەزائییەکانە.

لە لایەکی ترەوە لە پاڵ ئەو ڕێسایانەدا کە لە دەستووردا هەن پەیوەندییان بە پیادەکردنی دەسەڵاتەوە هەیە کۆمەڵێك ڕێسای تر هەن بەدەرن لە پیادەکردنی دەسەڵات کە ئەمانە پێیان دەوترێت ڕێسای دەستوورییە شکلییەکان وە حیکمەت لەم بوونەدا ئەوەیە کە ئەو ڕێسایانە لە پارێزگاری لێبکرێتو بە زیندوویی و بە شکۆداریی بمێنێتەوە، پایەیان بەرز بکرێتەوەو بۆ پایەی ڕێسا دەستوورییەکانی دیکە.

دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە سەرەتای نووسینەوەی دەستوور دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمی زاینی کە لە وڵاتانی ئەمریکای باکور سەریهەڵدا دوای ڕزگاربونیان بووینال لە ئیمپریالیزم لە نێوان ساڵانی ١٧٧٦ تا ١٧٨١ وە دوای ئەوەش دەستووری فیدراڵی وڵاتە یەکگرتووەکان نووسرایەوە لە ساڵی ١٧٨٧دا.

ئەم شێوازە لە دەستوری نوسراو گوێزایە بۆ وڵاتانی ئەوروپا کە لە ٣ی ئەیلولی ١٧٩١دا فەرەنسیەکان دەستووری وڵاتەکەیان نووسییەوە، لە پاشاندا کۆمەڵێك دەستووری نووسراو لە نێوان وڵاتانی ئەوروپادا سەریان هەڵدا لە نێوان ساڵانی ١٨٣٠– ١٨٤٨.

بۆچوونێك لە نێوان بیرمەندانو لێکۆڵەرانی بواری دەستووری لە چاخی هەژدەهەمدا سەری هەڵدا، کەپێیان وابوو دەستوری نوسراو شکۆترو پایە بەرزترە لە دەستووری عورفی هۆی ئەمەیان بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە دەستوری نووسراو ئەحکامەکانی ڕوونترە لە دەستووری عورفی وە هەروەها بە جێگرتنەوەیەکیان دادەنا بۆ (پەیمانی کۆمەڵایەتی– الاقد الاجتماعی) وە هەروەها پێیان وابوو ئامرازێکە بۆ ئەوەی تاك بتوانێت زیاتر شارەزا بێت لە مافو ئەرکەکانی خۆی.

ئەم بیروبۆچوونانە کاریگەری گەورەی هەبوو لە سەر دنیای دەستوری نوسراو کە بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم شێوازە فراوان بوو لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانەوە، دەستوری سۆڤێتی ١٩١٨، دەستوری ئەڵمانی ١٩١٩، دەستوری نەمسا ١٩٢٠ وە دەستوری تورکی ١٩٢٤.

جۆرێکی تر لە دەستوور وەك ئاماژەمان پێدا دەستوری نەنووسراوە وەك ڕوونمان کردەوە کە موشەرعی دەستوری ئەحکامەکانی دانا بێت بەڵکو ئەحکامەکانی لە عورفو پێشینە دادگاییەکانەوە وەردەگرێت. کە هەندێك پێی دەڵێن دەستوری عورفی بەو پێیەی کە عورف سەرچاوەی سەرەکی ئەم جۆرە دەستوورەیە بەڵام هەندێکی تر پێیان باشترە زاراوەی دەستوری نەنووسراوی لێبنرێت لەبەر ئەوەی ئەم زاراوەیەی دووەمیان گشتگیرترێکە لە زاراوەی دەستوری عورفی سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەکانی دەستوری نەنووسراو، لە پاڵ عورفدا سەرچاوەی تر هەیە بۆ دەستوری نەنوسراو وەك پێشینە دادگاییو مێژوویەکان.

لایەنگرانی دەستووری نەنووسراو باشی ئەم شێوازە لە چەند لایەنێکدا دەبیننەوە لەوانە: ئەم دەستووره سیفەتی نەرمی هەیە کە بە ئاسانی دەتوانێت بگونجێت لەگەڵ گۆڕانکاریو ڕووداوەکاندا، وە هەروەها لایەنێکی باشی تر کە ئەم باڵە بانگەشەی بۆ دەکەن ئەویە کە ئەم دەستووره لە لایەن کەسێك یان کۆمەڵە کەسێکەوە دانانرێت بەڵکو لە دایك بووی کۆمەڵگەو دەرەنجامی گۆڕانکارییەکانە، کە پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی سیاسی پڕ دەکاتەوە.

نموونەیەکی روونو ئاشکرا بۆ دەستوری نەنووسراو دەستووری ئینگلیزییە کە لەم سەردەمە تازەیەماندا دەتوانێت بە نموونە بیهێنینەوە.

لە روانگەی ئەم دوو جۆرە لە دەستوور دەتوانین بڵێین کە دەستوری نووسراو، دەستوورێکی باشترو پڕ ماناترە لە دەستوری نەنووسراو یان عورفی، هۆکەی دەگەڕێتە بۆ ئەوەی دەستوری نووسراو گونجاوترێکە لە فەزای دیموکراسیو پێشکەوتنی کۆمەڵگاکاندا چونکە گەل ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ڕیفراندۆمەوە دەنگ لە سەر ئەو دەستووره نووسراوە دەدات.

هەر بۆ زیاتر شارەزابوون لە دەستوور دەبێ باس لە دوو جۆری دەستوور بکەین بە گوێرەی ڕاستکردنەوە یان، جۆری یەکەم دەستوری نەرمی پێ دەوترێت (الدستور المرن) واتە ئەم دەستووره بە ئاسانی ڕاستکردنەوەو گۆڕانی بە سەردا دێت هەر وەك چۆن یاسایەکی ئاسایی تەعدیل دەکرێت بەو گوێرەش یاسا دانان دەتوانێت تەعدیلی دەستور بکات. کە ئەمەش ئەو سیفەتە دەداتە دەستوری نەرم (مرن) کە شکۆداری نەبێت بە سەر یاسا ئاساییەکان، ئەگەر هاتوو یاسادانەر یاسایەکی دەرکردو ئەو یاسایە پێچەوانەی دەقە دەستوورییەکان بوو ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تعدیل بێت بۆ ئەو دەقە دەستوورییە دیاریکراوە کە دەستوورەکە سیفەتی نەرمی هەیە. کە ئەمەش وا دەکات لە رووی شکلییەوە هەست بە جیاوازی نەکرێت لە نێوان دەستوری نەرمو یاسایی ئاسایی، بەڵام دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە جیاواز بە مەوزوعییەکان (بابەتییەکان) لە نێوان دەستوری نەرمو یاسایی ئاسایدا هەر بوونی دەبێت. لەبەر ئەوەی ئەو بابەتانەی کە دەستوور سەرقاڵیانە بە شێوەیەکی سروشتی جیاوازن لەو بابەتانەی کە یاسایی ئاسایی سەرقاڵیەتی، لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە دەستووره عورفییەکان زیاتر دەستوری نەرمن چونکە لە ڕێگەی عورفو پێشینە دادگاییو مێژوویەکانەوە دێنە بەرهەم، بەڵام ئەمەش بەشێوەیەکی ڕەها نییە چونکە هەندێك دەستوری عورفی هەبوون کە دەستوورێکی نەرم نەبوون، لە بۆنانی کۆن جیاوازی دەکرا لە نێوان یاسایی ئاساییو، یاسا هەمیشەییەکان (Permanent Laws) کە بۆ تەعدیلی یاسا هەمیشەییەکان کۆمەڵێك ڕێو شوێنی جیاوازو تایبەتەندتر پیادە دەکرا جیاواز لە تەعدیلی یاسا، ئاساییەکان، جۆری دووەم لە دەستوور پێی دەوترێت (دەستوری بەستوو یان ڕەق) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم دەستووره لە کاتی تعدیلدا بە شێوەیەکی یاسا ئاساییەکان تعدیل ناکرێن، کۆمەڵێك ڕەو شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە کە بە ئاسانی تعدیل ناکرێن، دەتوانین بڵێین ئەو ڕێو شوێنانەی کە بۆ تعدیلی ئەم جۆرە لە دەستوور دەگەڕێتە بەر ڕێو شوێنی ئاڵۆزترن لە هەموو تعدیلکردنێکی تری جۆری دەستووره‌کان.

دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەگەر هاتوو یاسادانەری ئاسایی یاسایەکی دەرکرد پێچەوانەی دەقێك بوو لە دەستوری بەستوو (جامد) ئەمە بە مانای تعدیلکردنی ئەو دەقە نایەت لەم جۆرە دەستووردا، ئەمەش وا دەکات بایەتی (چاودێری دەستووریەتی یاساکان) بوورۆژێنێ، کەواتە دەتوانین بڵێین لە سروشتی ئەم جۆرە دەستووردا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم دەستووره شکۆدارەو لە هەموو یاسا ئاساییەکان پایەی بەرزترە، ئەم سیفەتی ڕەقیە لەم دەستووردا وا دەکات کە ئەم سیفەتە بەسەر هەموو ڕێسا شکلیو بابەتییەکانی دەستووردا جێبەجێ ببێ، هەتا ئەو ڕادەیەی دەگاتە ئەو یاسایانەی کە سروشتی دەستوورییان هەیە، دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە ئەم سیفەتە لە دەستووردا و دەکات شێوازی تعدیلکردنەکەی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاواز بێت کە هەمان جۆریان لە دەستوور هەبێت، چونکە جمودی دەستوورەکە لە دەستورێکەوە بۆ دەستورێکی تر جیاواز دەبێت، هەتا دەستوور ئەم سیفەتەی زیاتر بێت تعدیلکرنیشی ئاڵۆزییەکی زۆر بە خۆیەوە دەبینێتەوە، ئەم سیفەتە لە دەستووردا بەسەر دوو جۆر لە جمودا دابەش دەبێت: کە یەکەمیان بەستوو یان ڕەقێکی ڕێژەییە (الجمود النسبی) کە ئەویش ڕێو شوێنی تعدیلی جیاوازە لە ڕێو شوێنی تعدیلی یاسایی ئاسایی بەڵام دووەمیان کە بە ڕەقییەکی ڕەها (الجمود المطلق) ناو زەند دەکرێت بە واتای حەرامکردنی تعدیلی دەستووره لە رووی ڕێژەیی و هەمووەکییەوە بە شێوەیەکی ڕەها.

لێرەدا ئاماژە بەو خاڵە دەکەین کە یەکەم دەستوری عێراق لە ١٩٢٥/٣/٢١ بوو ئەوەی بەیان دەکرد کە تعدیلکردنی دەقە دەستووریەکان بەڕێگەی ئاڵۆزوزۆر جیاوازتر لە تعدیلکردنی یاسا ئاساییەکان دەبێت، وەك لە ماددەی ٢٨دا دەڵێت یاسا ئاساییەکان تەعدیلکردنو دانانیان لە ڕێگەی (مجلس الامە– ئەنجومەنی گەل)و ڕەزامەندی پادشا وە دەبێت بەڵام تعدیلکردن لە دەستوور وەك لە ماددەی ١١٩ هاتووە پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی گەل هەیە بە هەردوو کونسوڵەکەیەوە بە دوو لەسەر سێی دەنگەکان بۆ تعدیلکردنی دەقێکی دەستوور لە سەر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەی باسمان کرد لە دەستوور دەتوانین بڵێین: عێراق کە ئەمڕۆ بە بارودۆخێکی لە باردا تێدەپەڕێت لە هەمان کاتدا سەرقاڵی نووسینەوەی دەستوورێکی هەمیشەییە بۆ گەلانی عێراق لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە کە ناوزەند کراوە بە لیژنەی دەستووری، دەبێت ئەو بەرپرسیارییە مێژوویە بخەنە شانیان کە دەستوورێك بنووسرێتەوە بۆ عێراق فەزایەك دروست بکات بۆ پێکەوە ژیانی را جیاوازەکان، دەستوورێك بێت هەموو گەلان کە لە ناو عێراق دەژین مافەکانیان مسۆگەر بکاتو بتوانێت دەستوورێك بێت کە هیچ لایەنێك لە رووی سیاسییەوە نەتوانێت گەمە بە دەستوور بکات، وە بەدەر لە هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە پیادەکردنی دەسەڵاتەوە لایەنە گرنگەکانی تری کۆمەڵگە ئاماژە پێبکاتو بەیان کات خاوەنی دەقێکی دەستووری، دەبێت دەستوری عێراق دەستوورێك بێت جێگای نموونە بێت لە ناوچەکەدا وە هەروەها نوێنەرانی کوردو یاساناسانی کورد لەو لیژنەیەدا دەبێت هەوڵی ئەوە بدەن کە هەموو مافەکانی گەلی کورد لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بچەسپێنن بەدەر لەوەش حاڵەتێکی زۆر گرنگ ئەوەیە دەبێت ئەوەش لە دەستووردا بێتە دەقێکی مەوزوعیو ئاماژەی تەواوو رووتی پێ بدرێت کە سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا کە عێراقێکی فیدراڵی دیموکرات پێك دەهێنێت یەکگرتنێکی ئارەزوومەندانەیە لایەنی کوردی لە داهاتوودا دەتوانێت دەست بەرداری ئەم یەکگرتنە ئارەزوومەندانە بن، ئەمە ئەو خاڵەیە کە دەبێت یاساناسو سیاسەتمەداری کورد لەو لیژنەیەدا کاری بۆ بکەن وەریبگێڕنە سەر واقیع.

سەرچاوەکان

١–د. کطران زعیر نعمة: النظرية العمة فی القانون الدستوري والنظام الدستوري في العراق/ جامعة بغداد/ ١٩٩٠.

٢–د. رمزی الشاعر: النظرية العامة للقانون الدستوری، والنظام الدستوري للجمهورية العربية المتحدة/ دار النهضة/ القاهرة. سنة ١٩٧٠.

مۆدێرنیتەو ژنی کورد..

فریشتە عەزیز محەمەد

ژنە هونەرمەندی کورد ـ تارا جاف

مۆدێرنیتە وشەیەکی لاتینی (Modo) بەمانای ئەمڕۆیی و نوێیە، وە ڕونترین مانای مۆدێرنیتە هاوچەرخ بوون یان مرسومە...

مۆدێرنیتە چاخێکە کە ئەگەر بمانەوێت بەراوردی بکەین لەگەڵ چاخەکانی تری مێژوو ئەوا دەبینین تایبەتمەندی خۆی هەیە چونکە هەر کاتێك بمانەوێت باسی مۆدێرنیتە بکەین ئەوا لە بەرامبەریا سونەتیش خۆی دەرئەخات وە یەکێك لە جیاوازیەکانی سونەت و مۆدێرنیتە ئەوەیە کە سونەت بۆ رابردوو ئەڕوانێ وە مۆدێرنیتە بۆ داهاتوو وە یەکێك لە کاریگەرترین هۆکارەکانی لە چاخی مۆدێرنیتە دەسەڵاتی عەقڵە وە زانستە ئاخرین بریار ئەیات و هەر ئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کە دین تەنها سەرچاوەی راستی نەبێت و بۆ مرۆڤی مۆدێرن، وە لەم چاخەدا گرنگترین پرسیار بەرچاو ئەکەوێت ئەوەیە کە جیاوازی مرۆڤی ئەم چاخە لەگەڵ مرۆڤی ڕابردوو چییە.

وەلامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە مرۆڤی مۆدێرن ئەندێشەی روناکبیری هەیە، وە ئەمە عەقڵە رەخنەگری بەهێزە بۆ ژیانی تاك و کۆمەڵ، بەواتای دەسەڵاتی عەقڵ.

مۆدێرنیتە تێڕوانینێکی خۆی هەیە بۆ مرۆڤ، وە مرۆڤ ئەناسێنێ بەجیهانی دەوروبەری بە بەکارهێنانی ئامراز و میتۆدی نوێ لە هەموو بوارەکانی ئەلسەفی، رامیاری وە کلتوری ئابوری و مێژوویی.. وە ئەم ئامرازانەش بەکێکن لەهەرە پێکهاتە بەهێزەکان کە بنچینەی کۆمەڵگا نەگۆڕن.

بەهاتنی تەکنۆلۆجیا بۆ ناو ژیانی کۆمەڵگا خۆرئاواوە هەزمی تەکنۆلۆجیا لەناو خۆیدا کلتورێکی تایبەت بەخۆی ئامەزراند کە ئەم کلتورە مندالی ساوای مۆدێرنیتەیە کە لەناو کۆمەڵگای خۆرئاوایا لەدایك بوو و هەر لەناو ئەو کۆمەڵگاکانی ری دەوروبەری تەنیەوە لە جیهاندا..

وە رۆڵی مۆدێرنیتە بونە هۆی ئەوەی کە سونەتەکان و باوەرە کۆنە ئاینییەکان و ئاین زاییەکان لەژیانی خۆرئاوایا رۆڵیان کەم یان نەمێنێت وە ئەتوانین ئاماژە بۆ ئەو بکەین کە مۆدێرنیتە لە کۆمەڵگای خۆرئاوایا لە بنچینەوە روییا بەڵام لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات تا مۆدێرنیتە شکلێکی لاسایی و روکاری هەیە کە ئەتوانێت لە کلتوری ژنی کوردا جێ دەستێ بەدی بکەین.

ژنی کورد لەزۆر کۆنەوە لە بارودۆخی ناخۆش ژیاوە چونکە ژینگەی ژنی کورد پێکهاتووە لە بیرۆکەی سونەتی، مێژوویی، ئاینی و ئاین زانی تایبەت بەخۆی، وە ئەم تایبەتمەندیە کۆمەڵگایەکی بۆ ژنی کورد بینا ئەکات بەتایبەتمەندیە کۆمەڵگای پیاوسالار وە ئەتوانێت بەهاتنی مۆدێرنیتە بۆ ناو کەلتوری ژنی کورد هەر بەو شێوەیە کە لە ژینگەی خۆرئاوایا رووی یا ئەبێتە هۆی تێپەڕاندنی سونەت و گەیشتن بە مۆدێرنیتە چونکە سونەت و مۆدێرنیتە بەیەك کاتدا بەیەکەوە هەڵ ناکەن.

نەبوونی یەکێك یان مەرجە بۆ بوونی ئەوی تریان. لە پرۆسەی هاتنە ناوەی مۆدێرنیتە بۆناو کۆمەڵگای ژنی کورد بوەتە هۆی دروست بوونی سێ چین لەم کۆمەڵگایە.

یەکەمیان چینی مۆدێرنیتە کە ڕێژەیەکی زۆر کەم ئەگرێتە خۆی بەڵام ئەم چینە توانیویانە چالاکی خۆیان لە زۆر باری کلتوری، سیاسی، ئابووری.. بنوێنن.

دووەمیان، چینی سونەتیە وە زۆرتر چینی پیران ئەگرێتە خۆی وە خەریکی دووبارە کردنەوەی مێژوون. سێهەمیان، چینێکە کە لە نێوان سونەت و مۆدێرنیتەدان کە خۆیان ئامادە کردووە سونەت تێپەڕێنن وە بێنە ناو مۆدێرنیتە وە ئەم گروپە ڕێژەیەکی زۆر ئەگرێتە خۆی.

هەر بەو جۆرەی کە لەسەرەوە باسمان کرد ئەم گروپە سونەت تێئەپەڕێنن وە بێ ئەنێنە ناو جیهانێکی نوێ وە هەر ئەمەش ئەبێتە هۆی ئەوە زۆرجار تاوان بار بکرێن بە شکاندنی سونەتەکان. وە تاك تووشی ئاڵۆزیی و پوچی نەبێت.

بۆئەوەی سونەت تێپەڕبکات و بێت ناو جیهانی مۆدێرنیتە پێویستە ئاگادار بێت لەوەی چی بەجێ ئەهێڵێت وە ئەچێتە ناو چ ئاستێك. وە ژنی کوردیش پێویستە جیهانی دەوروبەری خۆی بناسێت وە بە تێپەڕانێکی ئاگادارانە بچێتە ناو مۆدێرنیتە.

سەرچاوەکان:

جنسیەت وە گەشەکردن؛ نووسین: بیس تۆرس؛ ئاماری ربودلی رورابو، رۆژا.

سایت:

www.millemazhaban.com

نووسینی دکتۆر ناهید تەوسۆلی

گۆڤاری ڤەژین، زانکۆی رەنجان، ژمارەی یەکەم.